# کوردستانی بێ گوڵ،مناڵ،ژن!!

**ڕوونکردنەوەی پێویست:**

دوای پاکنووسی ئەم گەشتنامەیە، مەبەستم بوو سەرەتا لەبڵاوکراوەیەکی ناسراو و پڕتیراژی نێوخۆی باشووری کوردستان بڵاوبێتەوە. سەرەتا بۆ ئەوەی تەئیکید بم



بڵاودەبێتەوە یان نا ڕۆژنامەی ئاسۆم هەڵبژارد، زەنگم بۆ بەڕێز ستران عەبدوڵڵای بەرپرسی یەکەم لێدا، پەیمانیدا بڵاوبێتەوە. هەفتەیەک دوو بوو بەسێ ڕووناکی نەبینی! بەپۆستی ئەلکترۆنیدا نامەیەکم نارد، وەڵامی ئەوە بوو بابەتیکی باشە و پەلەت نەبێت بڵاودەبێتەوە.
دوای دوو هەفتە هەر هیچ نەبوو، نامەیەکی دیم نارد، بێوەڵام بوو! پاش دوو هەفتەی تر چاوەڕوانی، ئیتر خۆم یەکلایی کردەوە و ڕێڕەوم گۆڕی و لەنامەیەکدا داوای ڕاگرتن و بڵاونەکردنەوەم لێکرد. یەکسەر ناردم بۆ هەفتەنامەی ڕێبازی ئازادی. بەسوپاسەوە لەسێ ژمارەدا بڵاویان کردەوە:

http://www.ksdp.se/r-azadi/413/p8.pdf
http://www.ksdp.se/r-azadi/414/p8.pdf
http://www.ksdp.se/r-azadi/416/p8.pdf

هێندەی ئاگام لێبێت ئەم چەند دێرە بۆتە مایەی بێزارکردنی ژمارەیەک خەڵک کە بەباش یان بەخراپ ناویان هاتووە و ناڕۆشنی لادروست کردوون. هیچ مەبەستێکی نابەجێ لەپشتی ئەو کارەوە نییە، تەنها گواستنەوەم لەسەر بووە، وەک ئەوەی ئەرکم ڕاگەیاندن و ئاشکرا کردنی شتەکانە. بۆ خۆشم لەم بوارەدا هەوڵم داوە بابەتەکانم جێی سەرنج بێت و هەروا تێنەپەڕێت و کەمێک زیندوو هاوکات جووڵێنەر بێت. 06.03.30
050613 بەیانی زوو هەستاین، دەبووایە هەندێ کار جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ کچی تاقانە ویستمان ڤاکوتوس(تەئمین)ی سەفەر بکەین بەڵام سەرینەگرت، بەر لەوە ڕۆژی شەممە ئامێرێکی دەستیم کڕیبوو، بەڵام زۆر خراپ بوو بردمانەوە لێیان وەرنەگرتینەوە. کاری پارە گۆڕینەوەم ئەنجامدا، لەپەنجاییەوە بۆ سەد ئێرۆیی. دواتر ئەوم بەجێهێشت بۆ ئەنجامدانی چەند کاری خۆی.

**ڕەوشی دەروونی**

کوری گەورە، دەیویست بەکاتژمێرێک بەر لەئێمە بچێ بۆ هێلسنکی تا لەباڵوێزخانەی تورکیا فیزەی خۆی و خاڵی بهێنیتەوە. پێم باش نەبوو، بۆیە وت: ئێمە دەچین بۆ سەفەر،لەوانەیە بەهۆی ترافیکەوە نەتوانی فریا بکەوێت ئەو کات دەبێ نەڕۆین، یان لەوانەیە ڕووداوێکی ناخۆش بخولقێ.
ئیتر ناکۆکی کەوتەوە، قسەکەم چووە سەر، ئەو وازی هێنا و دوای ڕۆیشتنمان کارەکە جێبەجێ دەکات.

کوری بچووک زۆر دەنوک لەشت دەدا و خۆ هەڵدەقوورتێنێتە شت. هێشتا کێشەی نێوان من و کوری گەورە کۆتایی نەهاتبوو، لەولاوە لەپڕ شەرەجنێو و لەنێوان کوری بچووک و ژنبرا ڕوویدا و گەیشتە پەرماردان. بەهەرحال توانیمان ئارامیان بکەینەوە لەسەر ئەوەبووە، ئەو قسەی ناشیرینی بەکوری بچووک وتبوو، ئەویش وەڵامی داوەتەوە، پێی باش نییە کەس قسەی ناشیرین و بەرزونزمی پێبڵێ.

**فرۆکەخانە**

لەدەوروبەری دوو نیو بەدوو ماشین کەوتینە ڕێ، دوای یەک کاتژمێر گەیشتینە فڕۆکەخانەی ڤانتا. لەوێ وەک بڕیار بوو ناسیاوێک کە لەهێلسنکی دادەنیشێت نزیکی دوو هەزار دۆلاری بۆ هێنام تا بۆ کەس و کارەکەی ببەمەوە، برای هاوسەر لەجیاتی من  ژماردی. هەر ئەمڕۆ برادەریکی دی لەشارەکەی خۆمان هەزار ئێرۆی هێنا تا بۆ برایەکی ببەمەوە. هاوار هات، هاوسەفەرمان دەرچوو، بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ ماڵی هاوسەرمدا هەیە.

کەچووینە پێش بۆ تەسلیم کردنی جانتاکان وتیان زۆر قورسە لەحسابی خۆمان 40 کیلۆی زیاد بوو، ناچار دوو جانتای پڕمان گلدایەوە و نەهێنرا کەچی هێشتا زۆر بوو، بەڵام کارمەندەکە چاوپۆشی لێکرد، تێپەڕین. لەنێو فرۆکەکەدا تەنها یەک خانەوادەی ڕۆژهەڵاتیمان لەگەڵدا بوو، بەوەی ژن و کچێکی پۆشاک محەجەبە بوون. ناو فرۆکەکە خراپ نەبوو کەشخەش نەبوو بەڵام خزمەتی باشیان کردین.

**فرۆکە گۆرین**

لەکاتی دابەزیندا هاواری برادەرمان وتی: فرۆکە پاش کەمێکی دی هەڵدەستێ گەر خێرا نەکەین دوادەکەوین بۆیە. هەر کەدابەزین بەپەلە بەرەو شوێنی هەڵفرینی فرۆکەی دووەم چووین.کەگەیشتینە بەردەم پۆلیسی پەڕینەوە بۆمان دەرکەوت هاوار هەڵە بووە ئەوە کاتی چوونەژوورەوە نەک هەڵفرین، بۆیە خاوبووینەوە.

ناووەی فرۆکە خۆش و رێکوپێک بوو، بەڵام خزمەتگوزاری باش نەبوو، دوو کەس بۆ ئەو عەشاماتە خواردن و خواردنەوەی دادەنا و هەڵدەسووڕا، قاوە سارد. تەنانەت ژنە خزمەتگوزارەکانیش جوان نەبوون. سەرنشینەکانی زووربەی تورک بوون، لەنیوەی ڕێگادا کەوتنە جووڵە و ڕارەوەکەیان داگیر کرد، ڕێی هاتووچوویان تەسکتر کردەوە، بەپێوە لەگەڵ یەکتر بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد. تەنها ئەوان وابوون وەک ئەوە وابوو خزم وکەسوکاری یەکتر بن.

**ئەستەمبوڵ**

ماوەی نێوان ئەمیستردام و ئەستەمبووڵ زۆرتر بوو. لەکاتی خۆیدا گەیشتینە شوێنی مەبەست. لەساڵۆنی چاوەڕوانی عارەبانەی دەستی بۆ گواستنەوەی جانتاکانمان بە پارە دەستکەوت، تۆزێک ئاهمان پیاهاتەوە.
هاوار، ئەوەی دا بەگوێمدا کە لەگەڵ تەکسییەکدا ڕێککەوتووە لەدیاربەکرەوە بیبات تا سەرسنوور، گەر پێکەوەبین جێمان نابێتەوە.

لەوەڵامدا ئەوەم دەربڕی کە ئێمەیش لەگەڵ کەسێکی کوردی وا ڕێکەوتووین، چەند جار بەتەلەفوون لەفینلاندەوە قسەمان لەگەڵدا کردووە. هەر ئەو کاتە زەنگم بۆ لێدا و تەئکیدم لێکردەوە کە بەیانی فڵان کات دەگەینە دیاربەکر. بۆ وەرگرتنی بلیتەکان ئۆفیسی کومپانیای گواستنەوەکەیان دۆزییەوە، بلیتەکانیان وەرگرت.

**چوون بۆ دیاربەکر**

لەنێو تورکیا نەماندەتوانی 24 کاتژمێر بەڕێگاوە بین لەنێو پاسدا، بۆیە هەر لەفینلاندەوە بەڕێگای نێتەوە لەکومپانیای تورکی ئۆنور ئێر گەشتی نێوان ئەستەمبوڵ و دیاربەکرمان بڕی. ناوبراو یەکێکە لەو کومپانیا خراپانەی کە هیچ فرۆکەخانەیەکی ڕۆژئاوایی قبوڵی ناکەن فرۆکەکانی بنیشێتەوە.

بۆیەتەنها لەنێو تورکیا کاری پێدەکەن، ئەمەیش دەلیلێکە دەوڵەتی تورکی تا چەند بایەخ بە خوێن و سەلامەتی گیانی هاوڵاتی خۆی ئەدات! ناچاری ئەگینا سەرنەدەکەوتین، هەتا گەیشتۆتە دیاربەکر دڵم لەسەر سەد لێی داوە، بەڵام خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەیشتین. ناو فرۆکە وەک کەشتی نۆح وابوو، زۆر گەورە بوو، لای چەپ دوو ڕیز لای ڕاستیش هەروەها، ناوەڕاست چوار کورسی بوو، نزیکەی 400 کەسێکی تێدا بوو.

خزمەتگوزاری چاو و ئاو و نوقوڵ و بۆن بوو، کە چەند کچێک پێشکەشیان دەکرد. ساڵۆنی پێشوازی فرۆکەخانە زۆر بچووک بوو، هێندە عەرەبانە بۆ گواستنەوەی جانتا و شتوومەکەکانی لێنەبوو، بەشی ئەو هەموو سەرنشینە بکات!

ئەو کەسەی کە بڕیار بوو چاوەڕوانمان بکات و بمان گوێزێتەوە بۆ شاری سلۆپی سەرسنوور، سەرڕاست دەرچوو لەبەردەرگا وەک چەندەها خەڵکی دی چاوەڕوانی دەکرین. دوای بارکردنی جانتاکان کەوتینە ڕێ. لەبەر ئەوەی پێنج کەس بووین شوێنمان زۆر ناخۆش و تەسک بوو.

تا بڵێی ڕێگایەکەی ناخۆش بوو کە هۆکەیم لێپرسی وتی: خەتا لەحکومەتی تورکانەوەیە، ئەو لەم ڕێگایە زۆر قازانج دەکات بەڵام هیچ بۆ خزمەتگوزاری پێشکەش ناکات، لەبەر ئەوەی کوردنشینە!

**بەڕ و سلۆپی**

زۆرمان ڕێگا بڕی بەڕاستی شۆفێرێکی وریا بوو، وەک خۆی باسی کرد لەمێژەوە خەریکی ئەو کارەیە. لەشارۆچکەیەک لاماندا بۆ پشوو و نانخواردن، ئەوەی جێی سەرنج بوو کرێکاری چێشتخانەکە بەکوردی دەدوان کە پرسیم بۆ؟ دەرکەوت ئەو شارە زۆربەی عەرەبە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد زۆربەن لەکوردستاندا ئەوان کەمایەتین، بۆیە فێربوونی زمانی کوردی بۆتە یەکێ لەپێویستییەکان و هەژمموونی کوردی وایکردووە.

شۆفێرەکە بەهەردوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی دەدوا و تێدەگەیشت، هەستێکی کوردانە لەئاخاوتنەکانیدا هەست پێدەکرا و دەیووت ؛دیاربەکر پایتەختی ئەم بەشەیە، زۆر دڵی خۆش بوو بەئەزمونی باشوور وەک خۆی دەیووت گوێ ڕادەگری لەڕادیۆکان و هەواڵەکانی ئەوێ. ئەوەی
سەرسووڕمانی لادروستکردم ئەوەبوو لەکۆتاییدا وتی: لەباوکەوە عەرەبم و دایکم کوردی شاری کەرکوکە، بەڵام عەرەبی نازانم، حەزیش بەفێر بوونی ناکەم!

پاش زیاتر لەچوار کاتژمێر بەردەوام لێخوڕین گەیشتینە شارۆچکەی سلۆپی سەرسنوور. بەر لەگەیشتنمان بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێ لەقەراغ شەقامەکە بەحساب بۆ چاککردن و گەورەکردنی شەقامەکە لم و وردەچەوی زەردیان ڕۆکرد بوو، لەو نێوەدا گەر کابرا زۆر وریا نەبووایە دەبووین بەچڵم، خەریک بوو خۆمان بکەین بە دەمی ئەژدها ئاسای لۆرییەکی بارهەڵگردا، لەرزی بۆ بڕین.




**برایم خەلیل**

لەوێ دوای دەوروتەسلیم بە 160 $ نەجاتمان بوو. بەماشینێکی دیکە بەرەو بازگەی سنوور بووینەوە، بۆ ئەو کارە $40 تریان لێوەرگرتین. بێکێشە پەڕینەوە بۆ بەری کوردستان لەخاپور ئاڵای کۆنی ئێراق و تورکیا دەشەکانەوە بەڵام لەبازگەی ئیبراهیم خەلیل وێنە مەسعود بارزانی و ئاڵای کوردستان و سەربازی کورد پێشوازییان لێکردین. لەهۆڵی چاوەڕوانیدا بووین تیڤی بەزیندوویی ناو پەرلەمانی کوردستانی پیشان دەدا و مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم و پەیڤی مەسعود بارزانی پەخش دەکرد.

ئەو ڕووداوە بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی و شادی بوو، بەڵام بەر لەوەی بگەینە خاڵی برایم خەلیل زەنگیان لە سلەیمانییەوە بۆ لێداین کە ڕێگاکان گیراوە، بەخاتری ڕێگرتن لەکاری تیرۆریستی، هەر بۆیە ئەوانەی بەماشینەوە هاتبوون بۆ پێشوازیمان گەڕاونەتەوە و نەیانهێشت بوو تێپەرن.

چی بکەین دوای ئەوەی گەیشتینە ناو بازاڕ و گەراج، پاش ماوەیەک چاوەڕانی بڕیارماندا بڕۆین لەسەر ئەو بناغەیەی ئێمە لەدەرەوە هاتووینەتەوە، هەر لەو کاتەدا دەهۆڵ و زوورنا ئەو ناوەی قەرەباڵغ کرد. ئەوەیش مانای ئەوەبوو مەراسیمەکە کۆتایی هاتووە، خەڵکی لەلاوان و ژنان دەستیان بەهەڵپەڕکێ و گۆڤەند کرد.
دوو تەکسیمان گرت، ئەوەی ئێمە شۆفێرێکی ئاکرێی بوو. ترسی ئەوەی ڕەوانینەوە کە لەسەدا هەشتا تێپەڕ دەبین، بەحوکمی ناسیاوی و لەداویشدا دەرچوو ئاسایشە.

**بازگەکانی سەرۆکی هەرێم!**

کە گەتشتینە بازگەی شارۆچکەی ئاکرێ، نەیانهێشت بڕۆین و ڕایانگرتین. هەر وەک بڕیار بوو کابرا نفوزی خۆی خستەگەر سوودی نەبوو، هاوکات دوو ماشینی سەنی تەکسی ڕەنگ زەرد هاتن و بەکۆ چووین بۆ لای بەرپرسی بازگەکە، تکای ئەوەمان لێکرد مەرەخەسمان بکات، بەحوکمی ئەوەی لەدەرەوەی وڵات هاتووینەتەوە، سوودی نەبوو. ئەوەم پێووت؛ هەشت ساڵە نەگەڕاوەمەتەوە. کابرا هێندە تووڕە و بێزار بوو، وتی:
- شاڵا 16 ساڵی تر نەدەهاتیتەوە.
مەبەستی ئەوە بوو، بۆ هێندە خۆشە تۆ هاتوویتەتەوە. ئیتر هەر یەکە بەخەمێکەوە موبتەلایە، ئەو بێزارە لێرە و ئێمە تامەزرۆ.

دوای تەلەفوون و تەلەفوونکاری بۆ لەخۆی گەورەتر کەسی دەست نەکەوت، ڕێگایاندا بڕۆین. ئەوکات کاتژمێر 18.00 زیاتر بوو ئاهەنگ و مەراسیم کۆتایی هاتبوو کەگەیشتینە ناو ئاکرێ هیچ نەمابوو.

**زاخۆیی**

لەگەڵ شۆفێرەکەدا زۆر گفتوگۆم کرد لەوانە؛ کێشە و ناکۆکی نێوان خەڵکی شارۆچکەی زاخۆ و دهۆک لەسەر چییە؟ دەمویست بزانم. شۆفێر، ئەوانی بەخۆپەرست و داخراو دادەنا، بەوەی کە بۆ نموونە زۆر بەدەگمەن دەبینرێ خەڵکی ئەوێ ژنییان لەدەرەوی خۆیان هێنابێت.

بەپێچەوانەی زاخۆییەکانەوە کراوەن لەبەرانبەر دەرەوەی خۆیاندا، تەنانەت لەژن و ژنخوازیدا، زۆر لەژنە سۆرانییان هێناوە یان ژنیان داوە بەسۆرانی. وەسفی چاکە و باشەی خەڵکی سلەیمانی دەکرد وتی: میواندۆستن ڕێزی خەڵکیان لەلا هەیە، دەستی یارمەتی بۆ بێگانە درێژ دەکەن.
وەک لەسلێمانی کەسێک بۆی باس کردم؛ ئاکرێییەکان شەرانیین.

**سەردانی جند ئیسلام !**

05.7.1 بەرەو ئەحمەد ئاوا بەمەبەستی سەیران بەڕێکەوتین بەهۆی درەنگ دەرچوونمان، لەبەر قەلەبالغی لەوێ شوێنمان دەست نەکەوت. شۆفێرەکە پێی باش بوو بچێن بۆ ئاوێسەر. ئەوەی تێبینم کرد لەسلەیمانییەوە دەرچوین خەریکی شەقام دروستکردن بوون تا نزیکی سەیدسادق. لەوێشەوە هەتا نزیک تەوێڵە جادەی قیر لێدرابوو.

**هەوکردن؟**

بۆ بینینی ناوەندی شار لەگەڵ هاوڕێیەکما، بێوچان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر زیاتر پیاسەمان کرد. دواتریش تا درەنگانی شەو لەگەڵ خێزاندا لەپارکی ئازادی (شاری یاری) ماینەوە، زۆر ماندووم بووم. هەستم کرد ئەژنۆی ڕاستم دێشێ و ئازاری هەیە. هەرچۆنێ بوو گوزەرا. بەیانی ئازارەکەی زیاتر بوو، ئەژنۆم ئاوسابوو. ئەو ڕۆژە گوێم پێنەدا وتم لەوانەیە هی ماندوویی بێت و خۆی چاک بێتەوە و بێتەوە تایم. بەڵام وادەرنەچوو.

لەلای دکتۆری ئێسک عوسمان پێنجوێنی کاتێکیان بۆ گرتم. بەحساب لەکاتی دیاری کراودا ئامادەبووم کەچی 37 هەمین ناو بووم، تەنها 12 کەسیش ڕایی کرا بوو! ناچار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نەبوو، نەمداتوانی بمێنمەوە، بۆیە کاتەکەمان خستە ڕۆژێکی دی، کەچی11 کەسمان لەپێشەوە بوو!

**پزیشک لەخەت لای داوە!**

بەهەرحاڵ دوای دەمژمێری پێنج چووین، وتیان:
- چەند جار ناومان خوێندویتەوە.
بۆماوەی نیوکاتژمێر چاوەڕوان بووم، ئینجا لەگەڵ 3 نەخۆشی دیدا کردمیانە ژوورەوە! عادەتی پزیشکەکان وایە ئەوانەی ڕۆژانی ڕابردوو یان ئەوانەی پشکنینی خوێن و تیشکی ئێکس(ئەشیعە) یان هەر شتیکی دی لەو بابەتەیان هەبێت، لەگەڵ نەخۆشیکی نوێدا دەکرێنە ژوورەوە! کارێکی نادروستە، لەگەڵ پرینسیپەکانی پزیشکی هێندەی بزانم ناجۆرە. مافی ئەوەی نییە هیچ کەسێک بێجگە لەدکتۆر گوێبیستی قسان بێت. دکتۆر پیاوێکی بەویقار دیار بوو، سەرەتا ئەوانی بەڕێکرد. بەکوردییەکی پاک و ڕەوان قسەی لەگەڵدا دەکردن.

**ئەنتی نیشتمان!**

050704 ڕۆژێ لەوەبەر چووین بۆ شارەوانی ڕێگرییان لەبردنە ژوورەوەی کامێرای دەستی نەکرد، کەچی ئەمجارەیان پۆلیسە گەنجەکەی بەردەرگا کە ئەرکی پشکنینی خەڵکی لەئەستۆ بوو وتی:

- نابێ بۆ غەیری ڕۆژنامەنووسان.

منیشم ئەوەم پێووت:

- ئەی دوێنێ بۆ هێشتیان؟!

ئاماژەی بۆ شوێنی دانانی چەک کرد، کە ژنێکی کەمێک قەڵەوی سپیکەڵەی لێدانیشتبوو، کاری وەک کابرای پۆلیس وا بوو، ژنانی دەپشکنی.

دوای تەواو بوونی کارەکە، هاتمەدەرەوە بۆ وەرگرتنی کامێراکە چووم، ژنەکە پرسی: لەدەرەوە هاتویتەوە؟

- بۆ دەپرسی؟

+ حەزدەکەم بزانم!

بە وشەی بەڵێ وەڵامم دایەوە.

ئەو وتی:

+ من بوومایە لەجیاتی تۆ نەدەهاتمەوە!

مەبەستی ئەوەبوو ئێرە کەی شوێن و وڵاتە.

منیش وەڵامم دایەوە:

- ئێرە بەو پلەیە ناخۆش نییە، با بچی بۆ ئەو وڵاتە، ئەو کات دەزانی ئێرە چەند خۆشە!

+ من برایەکم هەیە دەڵێ هەرگیز نایەمەوە!

بەدەمڕۆیشتنەوە، هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ بڵێم:

- تەمەنا دەکەم هەموو کەسێک بچێتە دەرەوە، ئەو کات جیاوازی ئێرە و ئەوێی بۆی دەردەکەوێ.

**حشک**


050711 بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان-سلەیمانی
لەچەپەوە:ڕەحمان غەریب،ع.شوان،مامۆستا مەجید،هیوا

050711 لەسەر داوای حیزبی شیوعی کوردستان محەلی سلەیمانی سەردانی بارەگایانم لە گەرەکی عەقاری کرد. لەسەر ڕەوشی هەمەلایەنەی فینلاند و ڕەوەندی کوردی و بزووتنەوەی چەپ لەو وڵاتە قسەم کرد. ئەوان پێیان خۆش بوو لەسەر یەکی لەمەسەلەکان کە خۆ هەڵبیژێرم چاوپێکەوتنێکم بۆ تەلەفیزیۆنی ئازادی لەگەڵدا بکەن. دواتر نازانم بەهۆی چییەوە بوو، نەچووم بەدەنگ ئەو داوایەوە.

**قورئانخوێنکی م و ز ع ی ج!**

050715 خالۆژنی هاوسەرم کۆچی دوایی کرد. عەسر بۆ ماوەی یەک دەمژمێر لەمزگەوتی نالّی گەرەکی عەقاری دانیشتم. هۆڵەکە زۆر گەورە نەبوو، بۆیە دەنگی مکەبەرەی کابرای قورئانخوین نەک بۆ من بەڵکوو خەڵکانی دیش هەروەک خۆیان لەدەرەوە و دوای تەواوبوونی پرسەکە باسیان کرد، زۆر بێزارکەر بوو! بەهەرحاڵ یەکدوو شوێنم گۆڕی هەمان تاس و حەمام بوو!

گوزەرا ئەوەی زیاتر بێزاریکردم پێش کۆتایی هاتنی پرسەکە هەر ئەو جەنابە قورئانخوێنە بەحسابی خۆی کۆتایی بەدانیشتنەکە دەهێنت یەک چارەکە سەعات ڕستی؛ بەفاکتی قورئانی گوایە لەوەبەر ئەوەی ئەو چەند کاتژمێرە خوێندوویەتی قورئان نەبووە. قسەکانی دەسەلماند! ئەوە کاتێک گونجاو دەبوو وەک عادەتەتیشە بۆ کۆتایی هێنان لەدوارۆژدا دەبێ لەو جۆرە قسانە بکرێت.

سەرۆکی شارەوانیم بینی خۆی بەژووردا کرد. دواتر کە بینیم لێم پرسی ئەو ماڵەت دەناسی وا هاتووی بۆ پرسەکەی؟ وتی: نەخێر. بۆیە پرسیم لەبەر ئەوەی ئەو ژنە کۆچکردووە و خانەوادەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵی لەگەرەکی خەبات نزیک ماڵی کۆنی باوکی سەرۆکی شارەوانی نیشتەجێ بوون.

**مەلاژنێکی فیمینیست!**

لەلای ژنان ژنمەلایەکی قورئانخوێن گوایە خوشکی کامەران و سامان عومەری گۆرانیبێژە، وەک مەلای پیاوان ئەویش پەیڤیوە، هیچ پەیوەندییەکی بەپرسەکەوە نەبووە! لەوەدەچێ ژنەمەلا فیمینیست بووبێت، بۆیە وتوویەتی: مێردی هەر هەمووتان خراپە، پشیلە لەپیاو بەسیفەتترە! لەبەر ئەوەی پشیلە سیفەتی بۆ ئەو ماستەی کە پێی دەدەی، هەیە! ژننیان بۆ سکوزا و کاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی مناڵ دەوێت! لە ئایندا پیاو هەقی سێ ژنەی هەیە بەمەرجێ فەرزی ئەمیان نەدا بەسەر ئەویاندا. بەپێچەوانەوە لەڕۆژی قیامەتدا بەریخۆڵە ڕایدەکێشن!

**کوا ژن؟**

بەر لەوەی بڕۆمەوە، لەتەلەفیزیۆن دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم گۆشە و ئەو گۆشەی ژیانم دەبینی. ئەوەی زۆر دەیترساندم نەبینینی بەحساب نیوەی کۆمەڵ کە ژنانە بوو، بۆم پرسیار بوو، تۆ بڵێی ڕێژەی ژن لەکۆمەڵدا هێندە کەم بێت؟ یان ئەوەیە زوومی کامێراکان بەدەستی ئەنقەست وای پیشان دەدەن، دەشبێت و لەوانەیە ئامێری وێنەگرتنەکەنیش نێرە بن! بۆیە ژن نابینن!

نا هێجگار بەو شێوەیەش نییە، گرفتەکە ژنان خۆیانن! ئاخر ژنان و کچان چۆن بتوانن بێنە دەرەوە لەکاتێکدا زووربەی شوێنەکان پڕە لەپیاو هەر کە ژنێک دەبینن لەدووسەد لاوە بەر نیگای ناشارستانیانە دەدرێن! هەر ئەوە نییە سواری کۆڵیان نەبن تا ڕادەی ئەوەی دادەبێژرێن بە تەعلیقی ناشیرین و سێکسی و.... پیاوان هێندە دڕن، تەنانەت گەر ژنان لەگەڵ مێرد و براکانیشیان بن، بەسەلامەتی لەو تەعدایەنە دەربازیان نابێت! ئیتر کام زەمینە و هەلومەرج ڕەخساوە تا ئەوانیش وەک تاکێکی چالاک لەکایە جۆراوجۆرەکان بەشدار بن و ژیان جوانتر بکەن؟

**نارەزایەتی شۆفێران و تەقە**

050717 بەیانی لەخانووی کارگەی جگەررەوە بەرەو باژێر دەچووم، لەلای ترایبەکەوە کۆمەڵێ کەسم بینی بەرەو خوار بەدروشمدانەوە دەڕۆیشتن. کە پرسیم : مەسەلە چییە ؟شۆفێرەکە وەڵامی دامەوە: ئەو شۆفێرانە ئوتۆمبیلەکانیان گیراوە، لەبەر ئەوەی مۆدێل کۆنن، زیانی بۆ ژینگەی هەیە، لەشارانی ترەوە هێناراون، تەنها ئەوانە دەتوانن کار بکەن کە ژمارە سلەیمانین، ژمارە بەرزن.

لەگۆڕینی ئۆتۆمبیلەکاندا دەوڵەت هاوکارییانی کردووە، بەڵام هەندێکیان پارەکانیان داوە بە مۆدێلیان نزم! لەدەریایەک ناشیرینیدا ئەم بڕیارە تەنها لەسلەیمانی دەرچووە! لەنێو ئەو هەموو کەسە غەرز ناشیرینانە هەر ئەمەی لێ سەوز دەبێت. زۆر تێپەڕ نەبووم کۆمەڵێکی کەمتر لەوانمان دی، بەرەو هەمان شوێن دەچوون.

نێوەڕۆ گەڕامەوە کابرا بەهەڵە بەرەو خانووی کارگەی جگەرە ڕۆیشت نەیزانی ئەو پێچەی بەرامبەر سەرۆکایەتی وەزیران بەهۆی مانەوەی خۆپیشاندەرانەکانەوە گیراوە، بەلایاندا تێپەڕین. لەدووریانەکەی سەرچنار پێچمان کردەوە و گەیشتینە لای خەستەخانەی خانوەکانی کارگەی جگەرە،دە خولەک خایاند. تەکسییەیەک ئیشارەدا، بەرەوپێش نەڕۆین!

هاوکات زەنگی هاندەکە بەقەوڵی خەڵکی سلەیمانی لێیدا، بەپەلە لەتەکسییەکە دابەزیم. تومەس کەسوکار گوێیان لەتەقەکان بووە، دوای ئەوەی بەوانم وت؛ سەلامەتم و لەنزیک ماڵم، خەمتان نەبێت. داگەڕامە خوارەوە بۆ بینی ڕوداوەکە. قەڵەباڵغییەکی بێوێنە لەهەموو گۆشەیەکی ناوچەکەدا دەبینرا، فرکان فرکانێک بوو، هەرمەپرسە! لەهەموو لایەکەوە سەیری شوێنی ڕووداوەکە دەکرا؛ ڕاکەڕاک و شپرزەی پۆلیسە تفەنگبەدەستاکان دەبینرا، هەر کەس و بەجۆرێک ڕوداوەکەی باس دەکرد.

**ڕاگەیاندنی ئەکتیڤ**

وام مەزەندەکرد کە پۆلیسێک تفەنگی لەدەست دەرچوو بێت، دواتر بۆم دەرکەوت وانەبووە وەک چەند کەناڵی تەلەفیزیۆنی بەتایبەت ئەوەی پارتی سۆسیالت ... (حەمەی حاجی مەحموود) بەوردی ڕاپۆرتیان لەسەردا. بەقەولی کاربەدەستانی حکومەت ژمارەیەک لەشۆفیران پەلاماری پۆلیسیان داوە، ئەوانیش بۆ بەرگری لەخۆیان بەئاسماندا تەقەیان کردووە، هەر خۆیان بەدرۆخستەوە کە تەقەکان بەئاسماندا نەکراوە، لەبەر ئەوەی زیان بەدوکان و ماڵان کەوتووە داوای لێبوردنیان لەخەڵک کرد. ژمارەیەک لەشۆفێرانیان گرتووە.

تەلەفیزیۆنێکی پارتی دەسەڵات (پی یو کەی) بەڕێکەوت چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێ لەخۆپیشاندەران دەکات؛ ئەوەی دەربڕیوە کە زۆر هەژارە، بەگرتنی ئوتۆمبێلەکەی نانبڕاوتر دەبێت. لەخۆشیدا یان بۆ ئاژاوەنانەوە نەهاتووە. هەروەها ئەوەی دەربڕیوە،خۆی و خێزانی لەدوکانێکدا دەژین! پێدەچێ کامێرامانەکە بڕوای پێ نەکردبێت بۆیە بۆ سەلماندنی قسەی دوای کابرا کەوتووە و چوون بۆ بینینی شوێنەکە. دەردەکەوێت کابرا درۆ ناکات. ئەوەیش لەپەراوێزی ئەو ڕووداوە وەک موفاجەئەیەک خولقاوە.

**حاکم قادر و شاری بێ گوڵ**



سلەیمانی فەرمانگەی شارەوانی050803لەچەپەوە:قادر حەمەجان.ع.شوان

050719 ڕۆژێ لەوەبەر زەنگم بۆ لێدا وەڵامی نەبوو، دوایی خۆی زەنگی لێدا بۆم، پێمووت سەردانت دەکەم. کاتژمێر 10 لەگەڵ هاوسەرمدا چووین، هەر کە گەیشتینە پرسگە کەسێک هات بەشوێنماندا بەرەو ژوورەکەی بردینی. دوای تەوقەو ماچومووچ بەخێرهاتن پیرۆزبایی پۆستەکەیم لێکرد هەواڵپرسی. لەو چەند سات‌ەدا زەنگی هاندەکەی چەند بارە بووە، وەڵامی تەلەفوونی دەدایەوە، دیار بوو کارێکی هەیە، دەبوایە برۆشتایە.

بەدەستی بەتاڵ چووم ، داوی لێبووردنم لێکرد کەچەپکێ گوڵم نەهێناوە، ناڕەزایەتی ئەوەم دەربڕی کە لەشارەکەدا بەداخەوە دوکانی گوڵفرۆشی نییە. پێشنیاری ئەوەم بۆکرد، وەک شارەوانی لەهەوڵی ئەوەدا بن لەچەند شوێنی شار، بۆ ماوەیەک پشتیوانی لەکردنەوەی دووکانی گوڵفرۆشی بکەن. پێی پەسەند بوو. کارێکی هاوسەرەکەم هەبوو بۆمان بکات بەباشم نەزانی بیخەمە پێش چاوی. ئیتر روخسەتمان خواست و هاتینەدەرەوە.

**بەرپرسی مەڵبەند**

دوێنێ هاوڕێی مناڵی و تەلەبەیەتی بەختیاری حەمەی مەلاعێزەت زەنگی بۆ لێدام، ئەو لەبەشی مافی مرۆڤی مەڵبەندی ینک کار دەکات، بۆ بینینی سەردانیم کرد، لەوێ نەبوو. لەپرسگە کامێرایان لێگلدامەوە. مادام هاتووم، بۆ سەردانی ئاسۆ عەلی هاوڕێی پێشمەرگایەتی نەکەم ئێستا بەرپرسی یەکەمە. پرسیم، وتیان؛ لەوێیە. ڕێبەدێیان کردم بۆ ژوورەکەی. یەکسەر چومە ژوورەوە، زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم پیرۆزباییم پۆستەکەیم لێکرد، لەسەر چەند مەسائیلی سیاسی ڕۆژ قسەمان کرد.

لەم قسانەدا بووین بیرکاری وەزیری و بەرێوەێوەی گشتی پەروەردە مامۆستا شێخ حسین و کەسێکی دی نەمزانی پلەوپایەی چییە، خۆیان کرد بەژووردا. لەوەدەچوو کۆبوونەوەیان هەبێت، بۆیە ڕووخسەتم خواست. هەر بەپێوە چەند قسەی دیمان کرد؛ شێخ حسین باسی ئەوەی کرد کە لەمێژەوە یەکتر دەناسین،بەشۆخییەوە وتی: قەراخچێتی دەکەین. ئیتر بەجێم هێشتن.

پێش چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەردانی شێخم لەفەرمانگەکەی کرد، بۆ ماوەیەک لەگەڵیدا دانیشتیم، ئەویش بەهۆی شۆفێرەکەیەوە کە خزمە و زۆر لەمێژە شۆفێرێتی. ئەو باسی هاتنەوەمی بۆ کردبوو، پێی خۆش ببوو چاوی پێم بکەوێت.

**بەمەرجی گەڕانەوە**

بەرەو سەرا بوومەوە، لەنێوەی ڕێگا دابەزیم، بەمەبەستی بینینی مەلابەختیار خۆم کرد بەڕێکخراوە جەماوەرییەکانی (ینک)دا. کە وتم: لەدەرەوە هاتوومەتەوە، دەمەوێ مەلا ببینم. بردمیانە سالۆنی چاوەڕوانی، لەوێ ژمارەیەکی زۆر خەڵک دانیشتبوون و چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەیان دەکرد.

لەتەنیشت کەسێکەوە دانیشتم ئەو منی دەناسی وتم: کێی؟ ئەحمەدی زاوای خاڵە عومەرم دەرچوو. لەسویدەوە هاتۆتەوە بەمەبەستی دامەزراندن و گەڕانەوەی یەکجاری. پاش ماوەیەک هەڵسام بڕۆم، کابرای سکرتێر نەیهێشت بڕۆم. هاوکات یەکدوویەک لەژوورەوە هاتنەدەرەوە، کابرای سکرتێر لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەندا کردمییە ژوورەوە.


سلەیمانی چاخانەی شەعب050805لەچەپەوە:هیوا، ،عومەری چایچی

کە بینیمی بەشۆخییەوە، وتی: یائەڵلا بەیاننامەیەکمان لەسەر دەر نەکەی؟! لەوەڵامدا وتم: ئەو قۆناغە بەسەرچوو.
لەگەڵ کابرا کەوتە گفتوگۆ تابزانێ بۆ چی هاتووە. ئەو خانەقینی بوو، لە شاری دیالە دادەنیشت، وەختی خۆی دەریان کردووە، وەرەقەی دەرکردنەکەی پیشاندا. داوای دامەزراندنی دەکرد. مەلا وتی: تۆ تەمەنی دامەزراندنت نەماوە. وەرەوە بۆ خانەقین، لەوێ دابنیشە، کارت بۆ دەکەم. پێویستمان بەوەیە کورد هەمووی بگەڕێتەوە.

لەوەڵامدا ئەوەی دەربڕی، هیچی لەوێ نەماوە، بچێتەوە سەرچی؟ مەلایش وتی: تۆ ماوەیەک وەرەوە، کار بۆ خۆت و کوڕت دەدۆزمەوە. خانوو یان زەویشت بۆ دابین دەکەم بەڵام لەدوورەوە هیچ ناکرێت. هەر کاتێ هاتیتەوە وەرەوە بۆلام لەسەر وەعدی خۆمم.

**کۆمۆنیستی کرێکاری= کۆنەویست!**

ئێتر ئەو ڕۆیشت هەواڵی ئینتمای سیاسی پرسی کە چۆنم؟ وەک جاران ماوم ؟ گوایە لەسەر کۆمۆنیستی کرێکارم مەحسوب بووم.
ئەوەم دەربڕی؛ ئەوکاتیش، سەر بەوان نەبووم، بەڵام هەڵگری بیری مارکسی بووم. باس لەمەدەنی بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئەوانم کرد، لەچاو هێزە ئیسلامییەکاندا، خوازیاری ئەوە بووم بەچاوێکی دییەوە سەیریان بکرێت.

وتی: ئەوان کۆنەویستن! ئەوە هەمان قسەی برا گەورەکەم بوو!! زۆر جار دەیدا بەڕوومدا، یان بیری مارکسیستی بەئێکسپایەر بووە لەقەڵەم دەدا!
قسەمان لەزۆر مەسائیل کرد، مەعقول نەبوو لەوەزیاتر درێژەی پێبدەم، خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی بوون. وتم: دەڕۆم بەڵام کاتێک دی دێمەوە بۆ قسە کردن لەسەر مەسەلەی عەلی چەلەبی برام و فەرامۆش کردنی. بڕیار بوو ڕۆژی دواتر ئێوارەکەی بچمەوە بۆ لای. بیری ئەوەم نەبوو، هەمان ڕۆژ وەعدی چوون بۆ هەولێرمداوە، بۆیە بۆم نەکرا. ئێتر هەر نەمدییەوە.

**لەتیف هەڵمەت و پیاوانی پارتی!**


سلەیمانی-سالم/بەردەم کتێبخانەی ئەنوەر برزو050723لەچەپەوە: لەتیف هەڵمەتی شاعیر،ع.شوان

050720 چووم بۆ هەولێر، بەمەبەستی سەردانی خوشکە بچوکەکەم کە قاچی شکا بوو، نەمزانی بەچی وای لێهاتووە؟! لەچیمەن بەڕێکەوت حەمەکەریم عارفی نوسەر و وەرگێرم بینی، بەرەو کەرکوک دەچوو. وتم لەتیف هەڵمەتیش لەوێیە یەکسەر بەئیستفزازەوە وتی: جەلالییە! لەو چەند خولەکەدا چەند جار ئەو وشەیەی دووبارە کردەوە! منیش بەتوانجەوە لەدێڕێکمدا وتم: وەک تۆ دەڵێی جەلالی فلان شت وایە! ئێتر نازانم لەمەبەستم گەیشت؟

لەسەر ڕەوشی کەرکووک پرسیارم لێکرد زۆر ڕەشبینانە وەڵامی دایەوە. هەرچەندە وەڵامم دایەوە کە بەو شێوەیە نییە. لەدڵی خۆمدا وتم: تۆ سەیری ئەم جۆرە کەسانە بکە چەند دڵڕەشن لەبەرامبەر یەکتر

و شتەکاندا؟! کۆنیش هەروا ڕەشبین بوو! لەبینی پەشیمان بووم. شەڵا نەمبینیایە. سەیرم لێدێت کەسێکی خوێندەواری وا بەزمانی ئەندامێکی نەخوێندەواری پارتی دەپەیڤێت!؟ دیارە ئەم جۆرە پێنووسانە نانێک

هەبووبێت لەدوبەرکیدا خواردوویانە، بۆیە هەر بەو ئاوازەوە لێدەخورن!!!

**هەولێرە ماست، ببوورن هەولێرە گەرما!**

050721 سەرلەبەیانی سەردانی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتیم کرد، شەوی ڕابردوو بەتەلەفوون ئەو سەردانەم لەگەڵ ئازای حەسیب قەرەداخی ڕێکخست. ماوەیەک لەسەر کێشەکانی ڕۆژ قسەمان کرد. بەهۆی هەبوونی سیمینارەوە، نەمتوانی سەرۆ قادر ببینم. ئاریان فەرجی کۆنە سەرنووسەری برایەتیم بینی. هەواڵی کاوەی مەلا عەزیزم پرسی، دواتر بۆ بەسەر کردنەوە بەتەلەفوون قسەم لەگەڵدا کرد. ئازا: وتی هەرچی کۆنە شیوعییەکانە لێرە کۆبوونەتەوە. لەبەر ئەوەی گەرماکەی بیحەد بێزارکەر بوو، شانسی ئێمەش لەو ڕۆژانەدا کارەبای هەولێر خراپتر ببوو! خانووبەرەی ماڵی خوشکیشم زۆر باش نەبوو، بۆیە گەڕانینەوە. بریار بوو ئێوارە لەگەڵ خەسرەو پیرباڵ هاوشاری فینلاندام دابنیشم.


لەچەپەوە: ئازا حەسیب قەرەداخی، ع.شوان 050721 هەولێر

بەتەلەفوون پەیوەندیم پێوەکرد کە ناتوانم و دەڕۆینەوە.

**زەوی نووسەران** *

050722 لەچاپخانەی شەعب ئاوات حەسەنی شاعیرم بینی، دوو هەواڵی دامێ یەکێکیان؛ ئەوەی کە لەجیاتی عەبدولی حەمەجوان دەبێتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕۆشنبیری. بەر لەماوەیەک لەهەمان شوێن ئاواتم بینم دوای قسەوباسێ، ئەوەم پێڕاگەیاند؛ گەر دەسەڵات هاوکاریم بکات، لەبەرنامەمدایە بەیەکجاری بێمەوە کوردستان. ئەویش وتی: بەهۆی نووسەرانەوە دەتوانین پارچەیەک زەویت بۆ دابین بکەین، بەمەرجی هاتنەوە. وەک سەردار فەتاح نا کە وەریگرت، ڕۆیشتەوە! دوای ئەوە، لای خۆی ناوی سیانی لەگەڵ شوهرەتمی نووسی.

هەواڵی دووەمی؛ بەرزکردنەوەی لیستی ناوی نووسەران بوو. لەوانەیە بەم نزیکانە جێبەجێ بێت و وەڵامەکەی بێتەوە. ویستم وردەکاری بزانم.
وتی: نازانم کەی وەڵامی دێتەوە؟ وا پێویست دەکات خۆت لێرە بیت، گەر پێویست بکات، بمێنەرەوە. وتم: گەر کاتی وەڵامدانەوەکە نزیک بێت بزانم کەیە؟ ئەوا دەمێنمەوە گەر لەو بارەیەوە هەر زانیارییەکت دەست کەوت پێم بڵێ بۆ ئەوەی مشوری خۆم بخۆم. دیارە هەفتەیەک بەر لەڕۆیشتنەوەم بێت باشترە، بۆ ئەوەی بەتەلەفوون فڕینی فڕۆکەکەم دوا بخەم.

**شمال=کوردستان**

لەکتێبخانەی سلەیمانی بووم، ئەو کات بڵاوکراوە عەرەبییەکان هاتبوو، خەریکی جیاکردنەوەی یەکەیەکەی ڕۆژنامەکان بوون. یەکێ لەبەستەکان لێی نووسرابوو وەک کابرای خاوەن کتێبخانە وتی: شمال. ڕوویکردە شۆفێرە ئەسمەرەکە، وتی: نەمووت پێیان بڵێ نەنووسن شمال، گەر ئەمجارە وا بنووسن، وەک خۆی دەیگەڕێنینەوە بۆیان و نامانەوێت، با بنووسن کوردستان.

**دەزگای ئەدەب**

سلەیمانی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ050724لەچەپەوە: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی نووسەر،ع.شوان



050724 بەر لەیەکدوو هەفتە لەبەردەم کتێبخانەی سلەیمانی عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجیم بینی ژمارەی تەلەفوونی دامێ و حەزی کرد بۆ بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ سەردانی بکەم . بەر لەچوونم زەنگم بۆ لێدا. لەوێ لەژوورێکی سادە دانیشتبوو، دەستمان بەقسەکرد. ئەو حەزی بەقسەکان دەکرد زیاتر لەبارەی دیدگا و دنیابینینی خۆمەوە پەیڤیم. لەکۆتاییدا وتی: لەسەر بناغەی قسەکانت چەند پرسیار دادەنێم، وەک چاوپێکەوتن وەڵامی بدەرەوە.(دوای چەند ڕۆژ پرسیارەکانم لێوەرگرت، لەبەر ئەوەی کاتی ڕۆیشتنەوە نزیک ببووە، کەمێکیش سەرقاڵ بووم، بۆیە نەمتوانی

وەڵام بدەمەوە. کەگەڕامەوە فینلاند، بەتایپکراوی بۆم نارد.) تا ئێستا (کانوونی دووەم 2006) بڵاونەکراوەتەوە) بەوێنەگرتن لەگەڵیدا کۆتاییم بەدانیشتنەکە هێنا.

کچە شاعیر ڕۆژە هەڵەبجەیی خۆی کرد بەژووردا، لەکۆنەوە دەیناسم، بەڵام وام نیشاندا نایناسم. هەست دەکەم ئەو خانمە مرۆڤێکی سروشتی نییە، کاک عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کاریگەری ژەهربارانی هەڵەبجەی بەسەرەوەیە، کەمێکیش بەپەراوێز کراوە!

سەردانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کرد، بینای دەزگاکە تا ڕادەیەک لەوەی گەلاوێژ باشتر بوو، ئەگینا وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیری بەرچاو وا نەبوو، ببێتە مایەی سەرنج و تێڕامان! بەر لەچوونم زەنگم بۆ ڕەئووف بێگەرد لێدا. دوای لەوێ لەژوورەکەی خۆی پێشوازی لێکردم، ئەنوەری ڕەشی ئەوڵایش لەوێ بوو. قسەوباسی جۆراوجۆر و یادگاری کۆن. هەڵکەوت عەبدوڵڵا تۆزێ لەلامان دانیشت.

هەواڵی دۆستانی دی وەک حسین عارف و ئەکرەم قەرەداخیم پرسی؟ ڕەئووف بێگەرد تا نێو ژوورەکەی ئەکرەم هات لەگەڵمدا. ئەو بەگەرمی پێشوازی لێکردم. باسی کۆمپیوتەر و دنیای ئەلکترۆنات زۆرترین قسەوباسمانی برد. هەستم کرد، ئەو ئامرازانەی کۆمپیوتەر وەک کیبۆرد و فۆنت و ... کە ئەورووپانشینان بەکاری دەهێنن، جیاوزترە و مۆدێرنترە لەوی ئەوان! کات درەنگ بوو ،قسەمان لەوەکرد سەردانی بکەمەوە تا گەر سوودێک یان کارێکی باش هەبێت بیکەین. بەڵام ڕێنەکەوتەوە بچمەوە بۆلای.

**خوێن بەخشین**

050727 لەسەر ڕێنمایی پزیشک، چووم بۆ بانکی خوێن بەیاوەری حەمەی ئاوەڵزاوم بۆ دانی بوتڵێ خوێن. کاتژمێرێکیان وەک دیاری لەبری خوێنەکە پێشکەش کردم. لەبەر ئەوەی خوێنم خەست بۆتەوە. دیارە بەر لەگەڕانەوەم پشکنینێکی خوێنیان بۆ کردم، دەرکەوت ڕێژەی کۆلسترۆڵ لەخوێنمدا بەرزە.

بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ خانەوادەیی چووین بۆ ماڵی خوشکی گەورە. باش بوو توانیم چەند خاڵ و زانیاری لەبارەی خێزانەکەمانەوە لا ناڕۆشن بوو، هەروەها وێنەی کۆنی عەلی برام و باوکم و دایکم بەدەست هێنا.
زاهیر مەحمودی خزمی بەرەی باوکم ببینم، وەعدم پێدا پێکەوە دابنیشین، تا لەبارەی کەسوکاری باوکمەوە زانیاری لێوەربگرم. نەمتوانی، نازانم بەهۆی چییەوە بوو، ببیینمەوە.

**مووچەی خانەنشینی و گەندەڵی!**

050728 بەیانییەکەی چوم بۆ وەرگرتنی خانەنشینی 10000دیناریان هی یەک مانگیان پێدام، پاش هەشت ساڵ یەکەم مووچەم وەرگرت، لە30ی6دا چووم بۆ فەرمانگەی خانەنشینی بۆ زیندووکردنەوە خانەنشینی. کاتێ دۆسییەکەم بەدەستەوە بوو ئەم ژوور و ئەو ژوورم پێدەکرد. سەیری پەڕەکانم کرد، داوهەمین پەڕە سەرنجی ڕاکێشام، بەپێنووسێکی ڕەنگ سوور نووسرا بوو؛ ئەم کەسە لەبەرئەوەی وەکیلی نییە و لەدەرەوەی وڵاتە بۆیە پارەکەی بڕاوە، مێژووەکەی کۆتایی ساڵی 2004.

ئەوە گومانی لا پەیداکردم لەوەدەچێت تا ئەو بەرواره مووچەکەم وەرگیرا بێت، سەیری کارتەکانیشم کرد، هەمان شت هەر هەمووی وەرگیراوە.
بەهار ناوەکەم تێگەیاند. چەند قسەی کرد جێی بڕوا نەبوو. دوایی لەسەرداری خاڵۆزام پرسی و چەند کەسی دی باسیان کرد؛ ئەوە ژنێکە کل لەچاو دەفڕێنێت! لەمووچە وەرگرتندا چەند عەلاگەی نایلۆنی پڕ لەپارە لەگەڵ خۆی دەباتەوە، وەختی خۆشی پێناسەکەیان داوە بەو. بەڵام لەپاش ماوەیەک وتوویەتی: ون بووە! سەیر ئەوەبوو، لەدۆسێکەدا پێناسەکەی تێدا بوو، وێنەکەمی لێکرابووە.

**وێنەکانی مامجەلال**

لەسەرەتاوە و بەر لەو ڕۆژە، هەرەمەکی چووم بۆ زیندووکردنەوەی و دەرهێنانەوەی پێناسی نوێ، وتیان: دەبێ پۆلیس ئاگاداربکرێتەوە. پاش چەند ڕۆژێ لەوکارە و سەریەشەی بۆ درووست کردم، بەهۆی ژنبراکەمەوە، واسیتەیەکمان دۆزییەوە، کە ئەم بەهارناوە بوو، کارمەندێکی ئەکتیڤ بوو
بەچەند کاتژمێرێک پێناسەکەی بۆ دەرهێنامەوە و هیچ لەوانەیشی نەویست. ئەوەی جێی سەرنجم بوو، لەهەموو ژورەکانی فەرمانگەکەدا یەک تا دوو وێنەی مام جەلال هەبوو، ئەمە وێرای ئەو چەند دانەیەی ناو هۆڵەکە!

هەر دوای وەرگرتنی مووچە لەگەرمکی کارەباکە، چووم بۆ بارەگای کۆمەڵەی ئێران باڵی برایمی عەلیزادە بۆ وەرگرتنی کاتی چاوپێکەوتن.

لەهەمان گەرەک چووم بۆ مەڵبەند، سەرەتا سەردانی بەختیاری محەمەدی مەلا عێزەتم کرد لەوی نەبوو، بەهەڵمزانی بۆ جاری دووەم سەردانی ئاسۆی عەلە ڕەشی نانەوا بۆ دوو مەبەست بکەم، یەکێکیان: هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئێسک و پروسکی عەلی برام. ئەوەی دی؛ بۆ تائێستا وەک پێویست تیشکی ڕاگەیاندنی نەخراوەتە سەر؟

**خانوو داگیرکردن!**

دووەم: نەدانەوەی خانووی گوڵاڵەی خوشکم کە بەهۆی جەنگی ناوخۆوە دەستی بەسەرداگیراوە و کەسێکی پارتی پارێزگارانی تێدایە. ئەوپەیوەندی بەکەسی بەرپرسی ئەو کێشانەوە کرد تا سەردانی بکەم. بۆ هێنانەوەی عەلی براشم بەنامەیەک ڕووبەڕووی بەرپرسی دەزگای شەهیدان (شۆڕش ئیسماعیل)ی کردمەوە. نەیدەزانی جەنابی چۆتە دەرەوەی وڵات.

جێگیرەکەیم بینی، وتیان: ئێوە شوێنەکەی بدۆزنەوە، زیاد لە توانای خۆمان هەوڵ بۆ گەڕانەوەیان ئەدەین. هەر لەوێدا کەسێکی لێبوو خانەوادەی ئێمەی دەناسی و چووبووە پرسەی دایکمەوە. لەوەدەچوو ئاشنا و ڕۆشنای ماڵی شەهید حەسەن خاوێی بێت، بۆیە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ خێزانەکانی دیدا، ژمارە تەلەفوونی خۆم پێدا، تا بیدات بە کوڕەکەی ح. خاوێی. ئەوە بوو شەوەکەی زەنگی بۆ لێدام قسەمان لەو بارەیەوە زۆر کرد، تا بۆ ئەو مەبەستە چی بکرێت؟

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ئاسۆ پرسی؛ هیچت بەدەست هێناوە و بۆ کراوە؟ وتم: لەنووسەرانەوە هەوڵی زوییان بۆ داوم. ئەو وتی:شوقە بۆ تۆ باشە، بەم نزیکانە دابەش دەکرێت، گەر بخوازی ئەوا ئێمە دەتوانیین شتێکت بۆ بکەین.

**دارە زەردەکەی قەرەداخ!**

050730 دابووم بەگوێی برای گەورەمدا؛ حەز دەکەم سەرێک لەدەوروبەری قەرەداخ بدەین. ئێوارە کە فێنکی کرد بەماشێنەکەی ئەو، بەرەو شوێنی مەبەست چووین. بەناحییەی قەرەداج و گوندی جافەران تێپەڕین لەلای دارەزەردەکەوە هەڵوێستەیەکمان کرد، وێنەمان لەبەریدا گرت،


سلەیمانی دارەزەردەکەی قەرەداخ نزیک گوندی جافەران050730لەچەپەوە:ع. شوان،نوخشە

سەرکەوتین بۆ سەگرمە. لەکۆتاییدا دنیا تاریک ببوو، لەلۆفەکانی چیای گڵەزەردە بۆ ماوەیەک لاماندا تا دەرەنگانێک ماینەوە. لەگوندی جافەران دیواربەندی شەهیدانی گوندەکە سەرنجی ڕاکێشام، لەنێو ئەواندا وێنەی عەلی چەلەبی براشم هەڵواسرابوو، بۆیاخی دیواربەندی و وێنەکان کاڵ ببوونەوە، نیشانەی بێخزمەتی و فەرامۆشییان دەگەیاند!

050731 بۆ کاری هاوسەرەم زەنگم بۆ سەرۆکی شارەوانی حاکم قادر لێدا. وتی: کاتژمێر 12 وەرە بۆ لام. بەدەچرکە پێش کاتی دیاریکراو لەپرسگە ئامادەبووم، هەر کەگەیشتم، وتیان دەمژمێر یەک و نیو دێتەوە. ڤیروسیام لێکرد و بۆ خۆشم کارێکی ترم نەبوو بۆ ماوەی یەک کاتژمێر و چلوپێنج چرکە چاوەڕوانم کرد، نەهاتەوە! بۆیە ئەنوەری شێر عەلی بەرپرسی پرسگە و هاوڕێی مناڵیم کرد بەشاهید و لێمدا ڕۆیشتم.

**برایمی عەلیزادە**

کاتژمێر 15:30 لەبارەگای ناوشاری کۆمەڵەی ئێران مەوعیدم هەبوو، بۆ چوون بۆ زرگوێز بەمەبەستی بینینی سکرتێری کۆمەڵە برایمی عەلیزادە.

لەکاتی دیاریکراودا بەهاوڕێیەتی کاک ڕەشیدی ..... دوایی بۆم دەرکەوت کە ناوبراو لەفینلاند دادەنیشێت. وەختی خۆی بەر لەچەند ساڵ یەکدووجار پەیوەندی تەلەفوونیمان لەگەڵ یەکتردا کردووە. لەڕێگا لەسەر ڕەوشی ئێران گفتوگۆمان کرد. کە گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، زۆر بەگەرمی لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا پێشوازی گەرمیان لێکردم. بەبەرپرسی نووسینگەی سلەیمانی وتبوو ئەو (ع.شوان) میوان نییە، خاوەن ماڵە.

ئێتر چووینە ژوورەوە کە زیاتر وەک حەشارگایەکی قایم وابوو، دیارە لەهەمان شوێندا چەند جاری دی و بەر لە هەشت ساڵ زیاتر لەگەڵ ئەم و زۆر لەبرادەرانی سەرکردایەتی دی کۆمەڵە دانیشتووم و بەیەکگەیشتووین.

لەبارەی ڕەوشی کوردستانی و ئێرانەوە بۆ ماوەیەکی باش قسەمان کرد، لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ ئەمەریکا و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، هاوکاری نێوان هێزەکانی کوردستان



سلەیمانی زرگوێز050731لەڕاستەوە: برایم عەلیزادە،ع.شوان،

ئەو نارەزایەتییانەی ئەو کات لەشارەکانی کوردستان لەجەرەیاندا بوو. موفاجەئەیەی هەڵنەبژاردنەوەی رەفسنجانی.

ئاماژەدان بەڕاگەیاندی کوردستانی باشوور لەسەر ڕەوشی ناو کوردستانی ئەودیوو بەتایبەتی و ئێران بەگشتی.

لەسەر مەسەلەی لێکترازاندنی دووبارەی کۆمەڵە نیگەرانیم دەربڕی و هیوام خواست جارێکی دی لێکهەڵپێکرێنەوە. بۆ بەراورد، نموونەی گەشی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتیم هێنایەوە یاد. ئەو پارچەپارچەبوونانەی جەستەی بزووتنەوەی چەپ وای کردووە کاریگەریان کەمتر و کەمتربێتەوە.

زۆر لەیادگاری کۆنمان هێنایەوە یاد، هاوکاری کۆمەڵە بۆ بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕێکخراوی بێکاران. دانیشتنەکە زیاتر لەدوو دەمژمێر خایاند، بەوێنەگرتن کۆتایی هات.

کە هێنامیانەوە بۆ بینیی ئاسۆ ڕەحیم چووم بۆ مەڵبەندی (ینک)، تا بزانم بۆ کێشەی خانووی خوشکی بچووکم چییان پێدەکرێت. سەرئەنجام هەنگاوێک چووە پێشەوە، بۆ کارئاسانی زەنگی بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرەکی زەرگەتە لێدا.

**تۆفیق عەلی گۆرانیبێژ**

050801 چووم بۆ شوێنی دیاریکراو، بەڕێوەبەری ئاسایش تۆفیق عەلی کۆنە گۆرانیبێژ دەرچوو. زیاتر کێشەکەم بۆ باس کرد. دەستبەجێ دۆسێیەکەیان هێنا، بۆم دەرکەوت کە خاوەن کێشەکە خەمساردبووە! پەیمانیدا لەماوەیەکی کەمدا چارەسەری دەکات، تەنانەت گەر پێویستی کرد توندوتیژی لەدژی ئەو کابرایە بەکاردەهێنێت. سەیری لێهات کەتا ئێستا دەرنەچووە.

**فاروقی مەلامستەفا**

بۆ بینینی براگەورە سەرێکم لەسەرشەقامدا، حەقی مەسرەفی سەردانی قەرەداخم دایەوە. دواتر سەردانی فاروقی مەلامستەفا کرد. باس لەپرۆژەکان و پێشخستنی شار کرا و چەند یادگاری کۆنمان وەبیرهێنایەوە. دواتر بەوێنەگرتن کۆتایی هات.

ئەوەی دابەگوێمدا کە بەتەمایە تەلەفیزیۆنێکی ئاسمانی و زانکۆیەک دابمەزرێنێت. باسی لەپێشکەوتنی خزمەتگوزاری تەلەفوونی کرد، هێڵە ئەورووپییەکان لێرە کاردەکات. دواتر بۆ ڕاستی قسەکانی هێڵەکەی فینلاندم تاقیکردەوە، ڕاست دەرچوو، دوو پەیامم بۆ کوڕی گەورە و ناوەنجی



سلەیمانی050801لەچەپەوە: فاروقی مەلا مستەفا،ع.شوان

نارد. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، لەباسکردنی کۆمەڵەی ئێران و کێشەی لێکترازاندنیان. ئەو هەردوولایانی بەدڵ بوو، بەڵام نەیشاردەوە کەمێک زیاتر باڵی ئیبراهیمی عەلیزادەی پێ پەسەندتر بوو! ئەحمەد محەمەدی ئابلاخی نوسەرم لەهەمان شوێن وەک بەڕێوەبەری ..... کاری دەکرد، بینی. بۆ ماوەیەک لەبارەی ئەدەب و سیاسەتەوە وتووێژمان کرد.

**لووتژەندنە کاری تایبەت!**

050802 بەیانییەکەی بووە بەدەنگەدەنگ لەگەڵ هاوسەرم. ئەسڵی ناکۆکییەکە لەسەر ئەوە بوو ماوەیەکە کەسوکاری بەناراستەخۆ دەیانویست لووت بژەننە ناو خێزانەکەمان، ئەمە ڕێک وەک ئەو کارەی نابەجێیەی هاوسەرم وایە بوو کە خەریکی لووت بژەنێتە نێو کێشەکانی فڵان و فیسار خوشکی! هەروەها گوایە کاری خەڵکی دەکەم و هی خۆمان ناکەم، خەڵکەکەیش خوشکمە و کارەکەیش کێشەی خانووەکەیەتی!

لەگەڵ کوڕیبچووکەیشمدا دڵیەشانەکە لەسەر ئەوە بوو؛ ئامادە نەبووم ڕۆژێ لەوەبەر داخوازی بەجێبهێنم، دێرێکی زۆر ناخۆشی دا بەڕوومدا! بەهەر حاڵ بۆ ئاوکردن بەئاگردا و جێبەجێکردنی کارەکەی ئەویش خۆ خانەنشینکردنە لەشارەوانی، زەنگم بۆ حاکم قادر لێدا و گلەیم لەبێوەعدییەکەی کرد، کاتێکم بۆ لێوەرگرت.

**گەندەڵی!**

لەگەڵ ئاوەڵزاوامدا چومە فەرمانگەی کاتب عەدل بۆ کردنەوەی وەکالەتێک بۆ وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی، باش بوو ئەو کەسێکی دەناسی لەوێ بەهۆی نەمانی دەوامی ئێوارانەوە زۆر قەڵەباڵغ بوو . کابرای ناسیاو بردمیە ژوورەوە، بەئاسانی کارەکە جێبەجێ بوو.

030803 بەیانییەکەی چووم بۆ لای حاکم قادر چاوەڕوانم کرد تا هات، بەسکرتێرەکەیم وت: بڵێ فلان هاتووە، یەکسەر چومە ژوورەوە. گلەییم لە بێوەعدییەکەی کرد. ئەویش وەڵامیدامەوە کە کاری سەرۆکومزیرانی هەبووە، وتم: ئاخر تۆ سەرۆکی شاری چۆن دەبێت کاتەکانت ڕێنەخستبێت!

بۆ هاندانی وتم: سەرۆکەکانی ئێستای ئێران و تورکیا، بۆیە گەیشتونەتە ئەو پلەیە، سەرۆک شارەوانییەکی باش و مەزبووت و خزمەتگوزار بوون.
لەوێ هاوڕێی گەرەک و منداڵی و قوتابییەتی ئومێدی سەعید گەوهەر ناسراو بەئومێدەڕەشم بینی. خۆی لەئەڵمان دادەنیشێت، هاتۆتەوە وەک سەرۆکی شارەوانییەکان کار دەکات.

**وەرگرتنی زەوی بەجوملە!**

دوای ئەوەی مەبەستەکەم تێگەیاند بێچەندوچوون پەسەندی کرد. وتی وەرە لەگەڵمدا بۆ بینیی خەڵکی کە هاتوون بۆ چاوپێکەوتن. چووینە ژووری سکرتێرەکەی کە خەڵکی لەوێ چاوەڕوانیان دەکرد.
یەکە یەکە خەڵکەکەی ڕایی دەکرد، پیاوێکی بەتەمەن گلەیی ئەوەی کرد کە کەسێک دوو پارچە زەوی وەرگرتووە! لەوەڵامدا وتی: ناوی سیانی ئەو کەسەم بۆ بهێنە، مەمنوون دەبم.

ژنێکی بەتەمەن لەوەدەچوو هەورامی بێت، وەک هەقخوراوێک، ئەوەی دەربڕی؛ زەوی دراوە بەزیندانی سیاسی پیاوی ڕژێم بووە. کەچی ئەوان وەریان نەگرتووە؟ حاکم وتی: مادەم وایە کارت لەلای ڕێخکراوی زیندانییە سیاسییەکانە. بەڵام ژنەکە زۆر چیرە درێژ بوو، وازی نەهێنا تاحاکمی ناچارکرد، نامەی پشتیوانی بداتێ و یارمەتی دارایشی بۆ نووسی.

**شارەوانی ئاڵا دەکڕێت!**

بۆ یادگار وێنەم لەگەڵ ئومێدە ڕەش و حاکمدا گرت. دییقەتمدا لەپشت سەرییەوە وێنەیەکی گەورەی مام جالالی هەڵواسیوە، لەخوار ئەوەوە لەسەر بنکەیەک لەنێو مەعرەزەکەیدا ئاڵایەکی بچووکی کوردستانیش هەیە.

بەزەمەوە، وتم: لەئێوە کوردترین، لەزووربەی ماڵانی کوردی دەرەوەی وڵاتدا، بەلایەنی کەمەوە ئاڵایەک هەیە. سەرۆکی شارەوانی چۆن ئاڵا دانانێت؟! زانی قسەکەم لەشوێنی خۆیدایە بەوێنەگرەکەی، وت: ئاڵایەکی گەورەم بۆ بکڕە.

لەئاستی فەرمیدا گرنگی بەئاڵای کوردستان نادرێت، لەئاستی میللیدا وێران ترە، سەردانی زیاتر لەچل ماڵ و خێزانم کردووە، تەنها لەدوانییاندا ئاڵام بینیوە. لەلای چەند خێزانێک بۆ زەمکردن بەسەریاندا ئامادەی کڕینی ئاڵام بۆ پێشنیار کردوون، قبووڵیان نەبوو، بەپێویستیان نەدەزانی!

**گۆڕستانی عەرەبییە یان....؟**

دوای ئەوەی لەلای ئەحەی گوڵەی جگەرچی نانێکمان خوارد. بەهاوڕێیەتی ڕەفیق ئیسماعیل حەکەمی تۆپیینی ئاوەڵزاوام بەمەبستی پارەدان بەکابرای گۆڕچاکەر(قەبرهەڵبەست) چووین بۆ سەرقەبرانی سەیوان گردی ناوەڕاست، دایکم لەوێ نێژراوە. بەر لەچەند ڕۆژ لەسەرداوای خۆم چەند گۆڕانێکی کردبوو. ئەو

کارەیش لەوەوە هات؛ گەر کەسێکی بێگانە سەردانی گۆرستانەکانی کوردستان بکات، بەهۆی ئەو نووسینانەوەی لەسەر گۆڕەکان نووسراوە، وا دەزانێت لەوڵاتێکی عەرەبی دایە! هەست بەجیاوازییەکەی ئەوتۆ ناکات! بەڕێنووسی عەرەبی هەرچوارلای گڵکۆکان بەئایەتی قورئانی نوسراوە! وێڕای بۆیەکردنەوەی، دێرە عەرەبییەکانم پێکردن بەکوردی.



سلەیمانی گۆرستانی ناوەڕاست050805گۆڕی دایکی ع.شوان

**منداڵی گم بوو!**

ئەوەی نەم بینی مناڵ بوو! لێم ببوورن ئەو دەربڕینە نالۆجیکی و نائینسافی نییە. بەڵکوو ڕاستییە. ئەزانن چۆن؟ لەژمارەی زیاتر 15 خانەوادە کە هەر یەکەیان بەلایەنی کەمەوە 2 مناڵیان هەبوو. یەک مناڵم نەبینی لەتەمەنی 4 ساڵییەوە تا 15 ساڵی، مناڵانە هەڵسووکەوت بکات و مناڵانە بپەیڤێت و ...هتد. ئای کە کارەساتە هەر هەموو گەورە بوون و پیر بوون! کۆمیدیا لەوەدا بوو، چەند لەگەورەکان شانازیان بەو نامۆبوونەی خودی مناڵەکانیانەوە دەکرد، لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باسیان دەکرد!

**وێڵی کە**

لە کۆڕی شیعرخویندنەوەی ئەحمەدی مەلادا، ڕۆژنامەنووسی هەفتەنامەی ڕێبازی ئازادیم بینی. بەر لەچەند ڕۆژ لەچاپخانەی شەعب بەسەرنووسەرەکەی گەیشتم، داوای چاوپێکەوتنی لێکردم. دوای وێنەگرتن، کاتێکمان دانا بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.

هەر چاپخانەی شەعب بوو، محەمەد نوری تۆفیقی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێم بینی. ئەوەی پێڕاگەیاندم کە بچم سەردانی ڕۆژنامەکەیان بکەم تا لەوێ چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا بکەن. چەند ناشیرینە! لەهەموو دەستڕۆیشتووترن، دنیایەک ڕۆژنامەنووسیان لەلایە، کەچی دەبێت ئێمە بچین بۆ لایان، نەک ئەوان بێن بۆ لای ئێمە، هەر بۆیە ئیهمالم کردن و نەچووم.

050804 بۆ ڕاییکردنی کارەکەی هاوسەرم سەردانی وەزارەتی شارەوانیم کرد. لەوێ نینا ڕەحمانی (شێخ عەبدول)ی نوسەر و هاوکاری گۆڤاری ئەدەبی کرێکاریم وەک بەڕێوەبەرێکی دەستڕۆیشتوو بینی. کارەکەیان پەسەند نەکرد. حاکم قادر، دوای ڕاوێژ دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی پەسەند کرد. بەڵام بەبیانووی ئەوەی میلاک نییە، بەرپرسی زاتییە کە بەئایین کریستیانە، ڕازی نەبوو، ئەمری سەرۆکی جێبەجێ بکات! هاوڕێ کۆنەکانی هاوسەرم، چرپاندبوویان؛ دیارییەکی بۆ بەرە ماڵەوە، جێبەجێی دەکات!

**ئەمنە سوورەکە**

مەبەستی بینینی پێشانگای شێوەکار سەردانی بینایەی ئەمنەسوورەکەمان کرد، پێشانگاکە تەواو ببوو وتمان مادام هاتووین بۆ نەچینە ناوەوە تا بزانیین چی تێدایە. بۆ ڕێبەدێی کارمەندێکی گەنج پێشمان کەوت ؛ یادگاری 182000 ئەنفالکراو 5000گوندی وێرانکراو جوان و جێی سەرنج بوو. کە دەچیتە ناوەو شوێنەکە تاریکە دیوارەکانی بە پارچە ئاوێنە ورد نەخشێنراوە، ئاسمانەکەی بە گڵۆپی وردی ڕەنگ زەرد ڕازاێنراوەتەوە.

شوێنیکیش بۆ وێنەی فۆتۆگرافی سەردەمە جیاوازەکان تەرخان کرابوو. لەوێنەکاندا دەگەڕام بەدوای ناسینەوەی تەرمی عەلی برامدا کە وەختی خۆی لەعەرەبانەیەکدا لەگەڵ پۆلێ پێشمەرگە دی شەهید بوون، مەیتەکەیمان تا ئێستا دەستنەکەوتۆتەوە. ئەو وێنانە بەشێکی لەناو فەرمناگەی ئەمنەسوورەکەدا لەڕاپەڕین دەست کەوتۆتەوە.

ئەو شوێنانەشمان بینی کە خەڵکیان تیا زیندانی کردووە بوو؛ زیندانی تاک و کۆ، ئامرازەکانی تەعزیب و هەڵواسین، کارەبالێدان. تووشی حالەتێکی دەروونی خراپ و ترسناک بووم، تا ماوەیەک کە هاتیشینە دەرەوە بەرینەدام.

**یادگاری منداڵی**

050805 چووم بۆ گەڕەکی جوولەکان وێنەگرتنی ئەو بینایەی کە لەسەرەتای حەفتاکانی چەرخی ڕابردوودا قۆناغی ناوەندیم تییادا خوێندومە ئەویش ناوەندی کۆماری یان جمهورییە.
لەوێوە سەرکەوتم بۆ گەڕەکی خانووە بێتاپۆکانی مەلا کەمالی پارێزەر. وێنەی ئەو خانووەم گرت کە میردمنالّیم تیا گوزەراندوە یان ئەو نانەواخانەیەی کاری شەلاعیم تیا کردووە، خاوەنەکەی بەعەبە کوپە بەنێوبانگ بوو، شەریکێکی هەبوو بەناوی عەلە ڕەشەوە باوکی ئاسۆی ئێستای لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتییە.

ئەو چایخانەیەی لەناوەڕاستی و کۆتایی شەستەکاندا لەسەرشەقامی کۆن هەمان بوو. هەر لەو سەردەمەدا بوو بۆ یەکەمجار لەماڵێکدا سەیری تەلەفیزیۆنم کرد کە تازە هاتبووە سلەیمانییەوە. ئەو ماڵەی کە تەلەفیزیۆنیان هەبوو کوڕێکیان هەبوو هاوڕێم بوو ناوی ئازاد .... بوو. ئێستا مامۆستای مۆسیقایە و چەند جار دانیشتین و پێکەوەوە زۆر لەبیرەوەرییەکانی منالّیمان دەمەزەرد کردەوە.

ئەو شوێنەی باوکم دووکانی تێیدا هەبوو. لەسەرەتای ڕاستەبازارەکەوە ئێستا ناسراوە بە(نەورۆز)، ئەم بازارە دەروازەکەی لەبەری خوارەوە جادەی چوارباخە. ڕێک بەرانبەر بە ئاشەکەی (.....)، لەدەستی ڕاستەوە فولکەی خانەقا، لەدەستی چەپەوە سەرەتای جادەی سەرشەقام و نەقلیاتی قەرەداخە. بۆ سەرەوە درێژ دەبێتەوە، لەحەوزەوشکەکە کۆتایی دەهات. ئێستایش هەروایە.

**فەرهاد فەرەج** **


سلەیمانی گەرەکی خەبات050805شێخ فەرەج باوکی گیانبەختکردوو فەرهاد فەرەج، کە نامەردانە بەدەستی گرووپێکی ئیسلامی لەناوچوو.

وەک وەفایەک سەردانی ماڵی باوکی هاوڕێی جوانەمەرگ (فەرهاد فەرەج) کرد، بەداخەوە دایکیم نەبینی، چووبووە بازاڕ. زۆر چاوەڕوانم کرد نەهاتەوە. بەیانی زوو لەسەر قەبرانی دایکم دەهاتمەوە، ئەوم بینی. ئێستا داخی ئەوەم لێدێت هەر ئەوکات نەمکرد ڕاییوەستێنم قسەی لەگەڵدا بکەم. وامدەزانی لەماڵ دەبێ و دەیبیم . بۆ ماوەی 45 خولەک لەلای باوکی دانیشتم، ئەو هەر نەهاتەوە.

باوکی فەرهاد گریا چەند جار گریا، گریانەکانی لەوەوە دەستی پێکرد، باسی یادگارەکانی ئەوی بۆ کردم. ئەو وتی: بەر لە کوشتنی مەعرەزێکی تەختەی کڕێ بوو زۆر دڵی پێخۆش بوو، بەڵام سوودی لێ نەبینی. ئێوارەیەی ڕووداوەکە لەماڵی باوکی ببوو، پارەی پێنەبووە، لەگەڵ وەستایەکی بیناسازی ڕێککەوتووە بۆ بەیانی لەگەڵیدا بچێت بۆ کار و کرێکاری.

بڕیار بووە هەر ئەو ئێوارەیە وەڵامی بداتەوە، کاتێ لەناوماڵومنداڵی بووە، منداڵی دراوسێکەیان هاتووە وتوویەتی: کەسێک لەدەرەوە بانگت دەکات. ئەو وایزانیوە وەستاکەیە، بۆیە زۆر سادانە، بێ ترس و بێ چەک بەدڵخۆشییەوە بەرەوپیری بکوژەکانی چووە. ئەوانیش زۆر نامەردانە بەدەمانچەی بێدەنگ سێ فیشەکیان ناوە بە دەموچاو و دانەیەک بۆ گورچیلەی.

دواتر خێرا فریا نەکەوتوون بگەیەنرێتە خەستەخانە، ئەوەیش بۆتە هۆی خوێن لەبەرڕۆیشتنی زۆر و مردنی لەخەستەخانە. لەسەرەمەرگدا بەبرایەکەی (برایم) وتووە: ئاگات لەمناڵەکانم بێت.
باوکی وتی: زۆرم پێووت کوڕم واز بێنە، وەرەوە بۆ گەڕەکی خۆمان (قەرەجاوا - خەباتی ئێستا)، بەقسەی نەکردم و هەر نەهات، تا لەکۆتاییدا بەیەکجاری و بەمردوویی بۆ هەتاهەتا هاتەوە.

بەشێ لەخەتاکەی دایە پاڵ هاوسەرەکەی فەرهاد؛ کاتێ لەتورکیا بوو، هێندە جوابی بۆ نارد: وەرەوە وەرەوە ... گەر نەهاتایەوە بۆ وای لێبەسەر دەهات؟ ئەو دڵی خۆش بوو کاتی باسی ئەوەی کرد؛ ئەو سێ کەسەی ئەویان کوشتوە، کوژراونەتەوە. کەسێکی ناوزڕاو دڕ و تیرۆریستی سەر بەگروپی (مەلاکرێکار) بەناوی (نامۆ)وە کە خزمی نزیکی (حاکم قادر)ی سەرۆکی شارەوانییە، لەپاش چەند ساڵ، لەڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەیەکێ لەگەڕەکەکانی شاری سلەیمانی، لەڕێکەوتی 030827 بەدەستی هێزەکانی ئاسایش دەکوژرێنەوە. ئەوڕووداوەیش ئەوەبوو کە (حەمە حسین کەریم)ی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش تیاکوژرا.

**گڵکۆی سوور**

باوکی وتی: ئەو ڕووداوە ڕوویدا، زۆر خەڵک زەنگیان بۆمان لێدا مژدانەی ئەویان پێداین، کە شووکر بکوژی کوڕەکەت کوژرانەوە.
دواتر ویستم لەگردی (سەیوان) سەردانی گۆڕەکەی بکەم، زۆر بۆی گەڕام نەمدۆزییەوە، خەتا لەخۆمەوە بوو باش نەچوومە بنج و بناوانی و بەووردی لێم نەپرسی لەکام گردی سەیوانە، وتی: بە ڕەنگی سووریدا دەیدۆزیتەوە. زۆر گۆری سوورم سەیرکرد هیچیان ئەو دەرنەچوون .
ماوەیەک لەمەوبەر، برا بچووکەیم بینی، ئەویش ئەوەی پێووتم: بکوژانی فەرهادی برام کوژراونەتەوە و بەهەقی خۆیان گەیشتن.

ڕۆژی 050709 بەهۆی برادەرێکەوە ژنەکەی فەرهادم بینی، لەسوویدەوە بۆ سەردان هاتبوونەوە. لەو پێکگەیشتنە خێزانییەدا بۆ برین نەکولانەوەی خۆی و منالەکانی هیچ جۆرە پرسیارێکیم لەبارەی فەرهادەوە لێی نەکرد.

**خۆپیشاندان، تەقەی ئاسمانی!**

050807 ئێوارەکەی سەردانێکی وەستا حەسەنم لەئاسایش کرد، خۆشحاڵی بەهاتنەوەم دەربری، تێبینم کرد ئاڵای کوردستانی دانەناوە، هانی ئەوەمدا، دانەیەکی گەورە لەلای خۆیەوە دابنێت. هەواڵی چارەنووسی ئەو کەسانەم لێپرسی وەختی خۆی (1996)بەنیاز بوون من و یەکدووکەسی سەر بەکۆمۆنیستی کرێکاری تیرۆر بکەن. دواتر گیران و دران بەدادگا و حوکمدران. چی دەکەن چی ناکەن و لەکوێن؟ نەیدەزانی.

لەبارەی تیرۆرکردنی فەرهاد فەرەجەوە پرسیارم کرد. ئەو قسانەی باوکی فەرهادی پشت ڕاستکردەوە، نامۆ ناوێک لەگەڵ دووکەسی تردا، کە بکوژی فەرهاد بوون،کوژران. نامۆیان بەدەستی گرتووە و کوشتووە. باسی یەکێکیانی کرد، لەکاتی تەقە و گەمارۆدانیاندا خەریکی نوێژ بووە.

شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەیەک بوو خۆپیشاندانی بەخۆیەوە دەدی. کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی لەو بزووتنەوە خۆپیشاندانێکیان ساز کرد.  پیاوانی ئاسایش و پۆلیس ڕێیان لێگرتن و بۆ بڵاوەپێکردنیان تەقەیان بەسەریاند کرد. ئەو باسەم هێنایە ئاراوە، ئەو هەروەها تۆفیق عەلی کۆنە گۆرانیبێژیش بەبیانووی ئەوەی مۆڵەتی یاساییان نەبووە، چەند کەسێکیان بۆمبی دەستیان پێبووە، بۆیە ڕێیان لێگیراوە.

**چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی**


سلەیمانی ئوتێلی سلێمانی پالاس050806لەچەپەوە:ع.شوان،یوسف خەلیلی هەفتەنامەی ڕێبازی ئازادی

050806 لەبەردەم ئوتێل ئاشتیدا بووم، دەچووم بۆ سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف خەلیلی ڕۆژنامەنووس لەهەفتەنامەی ڕێبازی ئازادی.(ئەو چاوپێکەوتنە لە ژمارە 53ی ئەدەب و هونەری هەفتەنامەی ڕیبازی ئازادی ڕۆژی 05.12.27 دا بڵاوکرایەوە) http://koti.phnet.fi/abasshwa/chawpeekeutn_a_shiwan.pdf
 تەقەی ئاسمانیم بیست، ئەو کات نەمزانی ئەو تەقانە بەسەر خۆپیشاندەراندا دەکرێت. لەگەڵ تۆفیق عەلی و وەستا حەسەن و تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکی برادەر لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ستران عەبدوڵایشدا پێشنیاری پێکهێنانی گروپی ئەنتی خۆپیشاندانم بۆ کردن، ئەوەی لەم ماوەکورتەدا ڕوویانداوە دوو جار پۆلیسی چەکدار پەنایان بۆ تەقەکردن بردووە، دیارەدەیەکی زۆر ناشارستانییە.

**پۆلیسی ئەنتی مزاهەرە**

ئێستا بیانوی کەمی دارایی نەماوە. هەروەها زوومی کامێرای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە و ناوەوە ئامادە و لەبۆسەدان. ئەو وتی: بەتەمای پێکهێنانی گروپێکی لەو جۆرەین، بەڵام بەهۆی ڕەبتبوونمان بەبەغدادەوە، کارێکی وا، باش ناچێتە پێشەوە، ناتوانیین وەک حکومەتێکی سەربەخۆ کار بکەین! فشاری ئێرانمان زۆر لەسەرە، ئەمەریکییەکان پێیان وتین؛ لەسەر سنووری ئەم دەڤەری زیاتر لە 80 تیرۆریستیان مۆڵ داوە، تا بۆ کاری تێکدەرانە بیانکەن بەم دیودا! لەنێو خەڵکیشدا دەنگۆیەک هەبوو؛ گوایە ئەو تەقەکردنە جۆرێک بووە لەچاوبەست و تەکتیک.

**ئاڵای کوردستان یاساغە!**

050810 لەسنووری کوردستان تورکیا، جەندرمە یەکە یەکە جانتاکانیان پێکردینەوە. لەیەکێکیاندا دوو ئاڵای کوردستانیان بەدی کرد، دەستی دایە و بردی، وشک بووم، موفاجەئە بوو، باش بوو بێسزا ڕزگارمان بوو، هەرئەوەندەی وت: ئەوە چییە؟ نازانن یاساغە؟ شەو لەنێو شتومەکەکاندا زۆری

بۆ گەڕام، نەمدۆزییەوە. تومەس خانمی هاوسەرم و خوشکەکانی لەڕێککردنی شتەکاندا، دەسکارییان کردووە، ناشیانە لەبەرچاو دایانناوە. باری دەروونیم وا تێکچوو تا نەگەیشتینە سلێمانی، نەهاتمەوە سەرخۆ و هێور نەبوومەوە.

هەر لەم بازگە نەعلەتییە تەمووزی 1996 چەند ڤیدیۆ کاسێتی کار و چالاکییەکانیان لێگرتم، کە وەک بەڵگە و دیکۆمێنت پێم بوو، بۆ ئەوەی لەڕێکخراوی (یو ئێن ئێچ سی ئار) بروام پێبکەن. وێڕای ئەو ڕووتکردنەوەیە، توانیم مافی پەناهەندەیی بسێنم. هەر لەو پەڕینەوەیەدا، لەدەڤەری بادینان شارۆچکەی زاخۆ لەترسی بازگەی (پارتی) خانمی هاوسەرم، بێپرس بابەتێکی چەند لاپەڕەیی فەوتاندبوو، لەسەر ڕووداوی 31ی ئاب نووسیبووم.

--------

ئەوە دوو نموونەیە کە هێندەی ئاگام لێبێت و ئەوەی لەڕوونکردنەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە قسەوباسی بەدوای خۆیداهێناوە.

خاڵی یەکەم(*) کەسی ناوهێنراو لەمایلێکدا نارەزایەتی بۆ ناردووم و دواتر بەمیسنگەر قسەمان کرد. وەڵامم بۆ ئەو نامەیە بەم جۆرە بوو:

( وەڵام و پرسیار؟

ئەم بەیانییە بۆ من ناخۆش بوو، یەکێ لەمایلەکانم کردەوە، نامەیەکی دۆست و هاوڕێیەکی ئازیزم بۆ هاتبوو. مێژویەکی دورودرێژ بەخۆشی و ناخۆشییەکانیەوە پێکمانەوە دەبەستێت.

لەئێستادا واهەست ئەکەم بەجیاوازی بیروباوەڕمانەوە لەو ماوەیەدا هەرگیز دڵمان لەیەک نەیەشابێت.

بەڵام مەخابن بەهۆی پەرەگرافیکەوە کە لەگەشتنامەیەکدا بەم شێوەیە (...ئەویش وتی: بەهۆی نووسەرانەوە دەتوانین پارچەیەک زەویت بۆ دابینبکەین، بەمەرجی هاتنەوە، وەک سەردار فەتاح نا، کەوەریگرت ڕۆیشتەوە!.... )نووسیوومە، بێمەبەست ڕووی ئەوی گرتۆتەوە، زۆر نیگەران و قەلس بووە.

قسەقسە دەهێنێت، ئایا بەڕێزی ئەو کارەی نەکردووە؟ تا چەند ئەو دەربڕینەی ئاوات حەسەن ڕاستە و لەشوێنی خۆیدایە؟ ئەسڵی مەسەلەکە چۆنە؟چییە؟

گەر ئەو دەربڕینە هەستبریندارکەرە، زۆر زۆر داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام تەنها پەیڤ گواستنەوەیە، وەک دەنگی ئەمەریکا دەڵێ : (ئەرکی ئێمە ڕاگەیاندنە).

ع.شوان06.03.23 فینلاند )

شایەنی باسە ئەم خاڵەیان (**) لەیادی ساڵانەدا لەیەکێ لەژوورەکانی پالتاک بۆ بەراست پیشان نەدانی قسەکانم باوکی جوانەمەرگەیان لەسەر تەلەفوون هێنا بووە ئاخافتن، گوایە ئەو شتی وای نەوتووە!

06.04.02